سودانی فەرمانی تەواوکردنی پرۆژەکانی پارێزگای میسانی کرد لەکاتی خۆیدا



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی فەرمانی تەواوکردنی پرۆژەکانی پارێزگای میسانی کرد لەکاتی خۆیدا، بەتایبەتی پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لەناوەندی پارێزگاکە و یەکە کارگێڕییەکانی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەئاژانسی موتەع بەدواداچوونی بۆ کردووە تیایدا هاتووە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لەپارێزگاری میسان حەبیب زاهر فەرتوسی و سەرکی ئەنجومەنی پارێزگا مستەفا دعەر محەمداوی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەئامادەبوونی ژمارەیەک ڕاوێژکار.

لە میانەی دیدارەکەدا پێداچوونەوە بۆ بارودۆخی خزمەتگوزاری و ئەمنی و ئابووری کرا لە پارێزگاکە، لەگەڵ دیارترین ئەو پڕۆژانەی کە لە قەزا و ناحیە جیاجیاکان جێبەجێ دەکرێن.

سودانی فەرمانی تەواوکردنی پرۆژەکانی کرد لەکاتی خۆیدا، بەتایبەتی پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لەناوەندی پارێزگاکە و یەکە کارگێڕییەکانی، جگە لە دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پێنج پردی سەرەکی لەسەر ڕووباری دیجلە و ڕێگا سەرەکی و لاوەکییەکانی نێوان قەزاو ناحییەکان و دروستکردنی بینایەک بۆ

کەلەژی پزیشکی سەر بە زانکۆی میسان و پێشکەشکردنی دیزاینێک بۆ شاری زانکۆ نوێیەکە.

هەروەها لە دیدارەکەدا چێنیەتی بەهێزکردنی سەقامگیریی ئەمنی لە پارێزگاکە تاوتوێ کرا، بەهۆی گرنگی لە باشترکردنی واقیعی ئابووری لەگەڵی پاپشتیکردنی وەبەرهێنان و گەشەپێدان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ و هاکشانی وەبەرهێنان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییە گرنگەکان، کە دیارترینیان پاڵاوگەی میسان"ـە بۆ توانای 150 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و کارگەی پترۆکیمیاوی و دامەزراندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی عیمارە.

سەرکی ئینجومەنی وەزیران جەختی لەسەر گرنگی خستنەگەڕی هەوڵەکان کردەوە، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی حکومەت و یەکخستنی کارەکانی نێوان حکومەتی خەجڵی و ئینجومەنی پارێزگا، بۆ دڵنیابوون لە سەرخستنی ئەرکی کارگەڵی و پێشخستنی واقیعی خزمەتگوزاری و ژیان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان.